# ١ ـ بابی بابی

ئەم یارییە لە بەینی ( ٢ ـ ١٠ ) منداڵ ئەکری لە تەمەنی ( ٤ ـ ٧ ) ساڵیدا . گەورەیەك ئەبێ بە سەرداریان ، منداڵەکان هەموو لە بەرانبەریدا دائەنیشن ، گەورەکە ئەم شتانە لە دەستی خۆیدا ئەگرێ کە هەر یەکە ناوێکی تایبەتییان هەیە لەم یارییەدا :

١ـ پارچە پەڕۆکێك ( قاوە ) .

٢ـ ئەختێ پەمۆ ( پەندیرە ) .

٣ـ بەردە مردەیەك ( گۆزە ) .

٤ـ کەلە پووشێکی بچووك ( داسوکە )

٥ـ قلە قشپلیك ( گابن رەش ) .

هەر جارەی یەکێ لەم شتانە لە ناو دەستی خۆیدا ئەگرێو بۆ پێش منداڵەکان یەکە یەکە لێیان ئەپرسێ : قاوە ، پەندیرە ، گۆزە ، داسوکە ، گابن رەش ؟

منداڵەکەش ناوی یەکێك لەم شتانە ئەڵێ ؛ ئەگەر ئەو شتە لە دەست گەورەکەبێ ئەوا منداڵەکە سەر ئەکەوێو لە یارییەکە دەر ئەچێ ، گەورەکەش دەستی خۆی ئەکیشێتەوەو شتیکیتر ئەخاتە ناو دەستیەوەو بۆ منداڵێکیتری دریژ ئەکاو ناوی هەموو شتەکان بۆ ئەو منداڵیش ئەژمێری ، منداڵەکەش ناوی یەکی لەم شتانە ئەڵێ . ئەگەر ئەو شتە لە ناو دەستی گەورەکەبی ئەویش لە یاری دەرئەچیو سەر ئەکەوێ ، هەویش نەبێ ئەوا دەستەکەی بۆ پیش منداڵیکیتر دریژ ئەکا ، ئەگەر ئەویش نەیزانی یەکیتر .

بەم جۆرە تا هەموو منداڵەکان یەکە یەکە دەر ئەچن ، تەنیا یەکێکیان ئەمێنێتەوە لە دووای هەموویاندا کە هیچ جارێ ناوی شتەکەی ناو دەستی گەورەکە نازانی لەو کانەی کە لە پێشیدا رای ئەگرت . ئەو منداڵە تی ئەکەوێ .

سەر دارەکە سەری تیکەوتوەکە ئەخاتە سەر رانیو لە ژیرەوە بە دەستەکانی هەر دوو چاوی ئەگرێو ئەڵێ : تەپە رەپە ، تەپە رەپە .. هتد .

منداڵەکانی تریش هەموو رائەکەنو هەر یەکە خۆی لە جیگایەکدا ئەشاریتەوە . ئەمجا سەردارەکە چاوی تیکەوتووەکە ئەکاتەوەو دای ئەنیشینی ، کە سەیری هەر چوار دەورەی خۆی ئەکا هیچ منداڵیك نابینی ، سەردارکە ناوی یەکی لە منداڵەکان

ئەڵێ کە ئەڵێت : ( فیسار ) لە کام لا بێتەوە ، منداڵەکەش دەستی بۆ لایێك درێژ ئەکاو ئەڵێ : لەم لایە ، گەورەکە بانگی منداڵەکە ئەکاو ئەڵێ : فیسار [ ناوی منداڵەکە ] زەز ، منداڵەکەش لەو جێگایەی کە خۆی شاردووەتەوە دەر ئەپەڕێ‌و ئەڵێ : عۆزۆو ئەگەر لەو جێگایە دەرچوو کە تێ‌کەوتووەکە پەنجەی بۆ درێژ کردبوو ئەوا گەورەکە پێی ئەڵێ : وەی ماکەر ، بەلام لە لایەکی‌تر بێتەوە ئەوا سەردارەکە پێ‌ی ئەڵێ : وەی نێرەکەر . هەموو منداڵەکان یەکە یەکە بەم جۆرە کو ئەکەنەوە ، ئەوەی ماکەربێ تێ ئەکەوێ ، نێرەکەرەکانیش سەر ئەکەون .

لە پێشا منداڵە چاوگیراوەکەی پێشوو لە سەر چێنچکان دائەنیشێ‌و سەری ئەخاتە سەر کۆشی سەرەدارەکە ، یەکێ لە نێرەکەرەکان سواری پشتی ئەبێ ، سەردارەکە هەر جارەی چەند پەنجەیەکی دەستێکی ئەخاتە سەر پشتی ملی داچەقاوەکەو ئەڵێ :

بابی بابی
حەمەدەی رابی
تەقڵەی لە چەندان دابی

منداڵەکەش ژمارەیەك ئەڵێ کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێك زیاتر نەبێ ، ئەگەر ئەم ژمارەی کە ئەی‌ڵێ لە گەڵ ژمارەی ئەم پەنجانە یەك بێ کە لە سەر پشتی ملیەتی ئەوا منداڵەکەی سەر پشتی دێتە خوارەوەو نێرەکەرێکی‌تر سواری پشتی ئەبێ . بەم

جۆرە یەکە یەکە نێرەکەرەکان سواری پشتی ئەبن و کە ژمارەی پەنجەکانی لە پشتی ملیدا زانی دێتە خوارەوە . ئەیش بەم جۆرە یەکە یەکە سواری پشتی هەموو ماکەرەکان ئەبێ .